**ڕونكردنەوەیەک بۆ رای گشتی و سەرجەم كەناڵەكانی راگەیاندن**

ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەژمارە (633)ی خۆیدا ڕۆژی 2010/6/2 ڕاپۆرتێکی لەسەر بارودۆخی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بڵاوکردۆتەوە، لە بەشێکی زۆری ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی بەقسەو لێدوانەکانی من کردووە، لە کاتێکدا لەم ماوەیەدا هیچ لێدوانێکم بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی نەداوە، ئەوە نەبێت کە پتر لەمانگ و نیوێك لەمەوبەر پەیامنێریان لەکەلار چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ مندا کردبوو، ئەویش لەگەڵ کاك (کەمال رەئوف)دا ریککەوتین کە ئەو چاوپێکەوتنە بڵاونەکرێتەوە.

بۆیە پێم سەیرەو بۆ من جێگەی پرسیارییشە هاوڵاتی لە ئێستادا کە ئێمە خەریکین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ برایانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاسایی دەبێتەوەو لەگەڵ ئەو جەماعەتەش کە لەحزب جیابوونەتەوە راگەیاندنمان لەدژی یەکتر راگرتووە، کەچی هاوڵاتی دێت ئەو بابەتە دەوروژێنێت، من لەڕێگەی ئەم ڕونکردنەوەیەدا بەهەموو لایەکی ڕادەگەیەنم کە ئەوەی هاوڵاتی بڵاویکردۆتەوە، نە قسەو لێدوانەکانی منەو نە لەئێستەشدا گوزارشت لە راوبۆچوونەکانی من و زەحمەتکێشان دەکات. هەروەك وروژاندنی ئەم مەسەلانەش لەئێستەدا لەلایەن (هاوڵاتی)یەوە، بە هەڵوێستێکی دۆستانە لەبەرامبەر خۆماندا نابینم.

**لەگەڵ ڕێزدا.**

**قادر عەزیز**

**سکرتێری گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**